www.kurdistannet.org
3-2-2003 11:25

# كێشەی كورد و جیابوونەوە

**كەمال ڕەووف**

هەرچەندەئێستا لەدوای تێكشكاندن و هەڵوەشاندنەوەیبلوكی شەرقی و یەكێتی سوڤیەتی جاران، لەجیهانداو بەتایبەتی ئەو روبا هەست بەخیتابێكی سیاسی تازەی وادەكرێت كە دەخوازێت گرنگیەكی زیاتر بدات بەمەسەلەی مافی مرۆڤ چارەسەركردنی كێشەی میللەتەكەمەنەتەوەكان بەتایبەتی ئەو میللەتانەی كەلەسە دەی هەژدەو نۆزدەوە سنووریان بەسەردا سەپێنراوە یان بەزۆر بەلایەكی ترەوە نراون، بەلام هەرچەندە كێشەی كورد لەجیهاندا بوەتە یەكیك لەوكێشانەی كەزۆرترین پانتایی سیاسی و مرۆیی و ڕاگەیاندنی داگیركردوە، كەچی لەگەڵ ئەمانەشدا بەدرێژایی چەند مانگی رابردوویان لەو كاتەوە لێدانی عیراق قسەو باسێكی جدی لەسەر دەكرێت، كەم جار هەبووە لەباسی ئەو مەسەلەیەدا وەك پاشگر گەر بەكورتیش بوویێت ئاماژە بەئەگەری لەتبوونی خاكی عیراق نەكرابێت و وەك مەترسیەك لەهەناوی ئالوگۆڕو ڕووداوەكاندا نەخرابێتە بەرچاو و هەلوێستەی لەسەر نەكرابێت!

گرفتی ئەم تیروانینە لەوێدا زیاتر چڕدەبێتەوە كە كاتێك باس لەو ئەگەرە ترسناكە دەكرێت ! ئیتر هەموان لەبەردەمیدا دۆش دادەمێنن و موبالەغەبەترسناكی ئەو ئەگەرەوە بەجورێك دەكرێت وەك ئەوەی دیاریكردنی مافی چارەنووسی گەلان هێندە شتێكی ترسناك بێت كە بەگەرووی هیچ دیموكراتخوازێكی جیهاندا نەچێت و ئەمەش لەجیهاندا و لەئەزمونی سیاسی دا بۆیەكەم جاربێت مافی جیابونەوەی گەلێك بەرەسمی بناسرێت و باسی لێوە بكرێت!ئەم جۆرە بەرخوردە كەپێش هەرشتێك جۆرێك زەوتكردن و بەكەم گرتنی مافی میلەتانە. لەهەمانكاتیشدا بەدیوەكەی تردا نیشاندانی ئەو ڕاستیەیە كەتاچەندە حیزبی ئۆپوزیسون و لایەنەكانی تری دژبە ڕژێمی ئێستا لە گەل چارەسەری ڕاستەقینەی كێشەی میللەتی كوردان، تاچەندە دەتوانن دیموكراتیانە كێشەكۆمەلایەتی و سیاسیەكانی ئایندەی گەلانی عیراق چارەسەربكەن، حیزبە كوردیەكانیش بۆنیشاندانی ڕاستی ئەو مەترسیە بەچاك و بەخراپ كارلەسەر ئەوەدەكەن، كەبتوانن ئەو ڕاستیە بخەنەروو كەبەهەمووشێوەیەك لەدژی جیابوونەوەن و ناخوازن كەس ئەو مافە لەئێستا و لە بەردە م حكومەتی ئایندەدا بكاتە دروشمی خوی، تاكوبتوانن بەم هەلوێستەیان ئەوەبسەلمینن كەئەوانیش یەكپارچەیی خاكی عیراق دەپارێزن و گیانی جیاخوازی و سەربەخۆیی دەكوژن.

ئەم هەلوێستەی دبلوماسیەتی كوردی لەكاتێكدایە، كە گەر شێخولكەیەكی كەنداوی عەربی یان هەر سیاسیەك یان هەر رۆشنبیرێكی تر قسە لەسەر ئەو مەسەلەیەبكات بۆگێڕانەوەی رووسوری خۆی و ڕژێمەكەی دەبێت لەو دەستەواژە شۆڤینیەوە دەست پێبكات و هەر لەوێشەوە كۆتایی بەقسەكانی بێنێت كەبلێت ئێمە لەگەل جیابونەوەی كوردەكاندا نین و نامانەوێت خاكی عیراق لەتبكرێت.

لێرەوە هەقمانە پرسیاربكەین و بەو هەموو وشەسەوزو سوورانە ی دیموكراتی و مافی مروڤدا بچینەوە، ئاخۆ بەها دیموكراتیەكان هێندە بڕەكەن كەنەتوانرێت لەبەردەم شوڤینیەتی ناوچەكەدا هەلوێستە بكرێت ! ئەگەر دبلوماسیەتی حیزبی كوردی لەبەر ئەوەی بەجیاخواز حسابی لەسەرنەكرێت خۆی دەپارێزێت، بەلام ئەو پرسیاروگومانە بەرهەمدەهێنیت، كە سیاسەتی ئێستا ئەوەی رو پاو جاریكی تریش دەخوازێت بەناوی دژی شەر و ڕاگرتنی هاوكێشەی سیاسی و ئابوریەوە ئالۆزیەك لەناوچەكەدا بخولقێنی و جارجارەش بەناوی مافی مروڤەوە داكۆكی لە ڕژێمی ئێستایعیراق و سەدام بكات!

ئەم دەستێوەر دان و یاریكردنە بە چارەنوسی میللەتان ! لەپێش هەرشتێكدا بۆخۆی مانای تێكشكاندنی بەهادیموكراتیەكان و پێشێلكاری مافەسەرەتاییەكانی مروڤە، بەتایبەتی خەلكی ئەو میللەتانەی كە بەكەمایەتی دادەنرێن

وەك كورد! هەروەها مانای هێرشێكی بێپەردە ودەستێوەردانیكی بێشەرمانەیە كەدەخوازێت مافی چارەی خۆنوسین و بریاردانی زیان لەخەلك بسێنێتەوە.

دبلوماسیەتی كوردیش بەپێچەوانەی ئەوەی كەدەبێت پێی لەسەر مافی چارەی خۆنوسین داگرێت، بەئاشكرا خەریكی چاندنی تۆی خوشباوەری و خوشخەیالیە و نایەوێت لەو بارەوە هەلوێستیكی رۆشن و دیاری كراوی هەبێت، هەربۆیە یاریكردن و دەستیوەر دانیەكان بەرادەیەك فراوان بونەتەوە، ئەوەتا لەبری خەلكی عیراق ئەمەریكایەكان دەیانەوێت لێخۆشبون بۆ تاوانەكانی سەدام حسین و دامودەزگاكەی دەربكەن و هێزو حكومەتەهەریمایەتیەكانیش بەئاشكرادەیانەوێت حكومەتێكی هاوشێوەی خۆیان بۆئایندەی عیراق داتاشن و ئوپوزیسونی عیراقیش بەكوردو عەرەبەوە بێدەنگەیان لێكردوە،

قبولكردنی ئەم یاریكردن و دەستێوەردانەی هیزە دەرەكیەكان لەسەر ئایندەی عیراق ئەو راستیە دەخاتە روو كە ئەوان تاچەندە دەیانەوێت كێشەكان لەرەگەوە چارەسەر بكەن و تاچەندە دەتوانن دیموكراتیانە لەگەل كێشەكاندا مامەلە بكەن، لەلایەكی تریشە وە ئەم یاریكردن و دەستێوەر دانە لەپێش هەرشتێكدا بوونی سەربەخۆیی‌و راستگۆیی ئەو ئوپۆزیسونە دەخاتەژێر پرسیارەوە كەگوایە بەهیوایە لەدەسەلاتی ئایندەی عیراقدا سەرەو كاری هەبیت، ئەمەدیسانەوە ئاماژەشە بۆ ئەوەی كەعیراقی دوای سەدامیش عیراقیكی ئارام و ئاسودەنابێت بۆخەلكە كەی وئەگەری ئەوەش دەبێت كەپیاهەلپژان و شەری ناوخۆو سەركوتكردنەوە بەجۆرێك خۆیان بنویننەوە. كمال رووف

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣